# چه ند دلۆپه ئاوێکی
# لینج

قوبادی جەلی زادە
jalyzada@yahoo>com

**دەم**

دەم ئینجانەی ماچە
نەك ئەشکەوتی
ووشە !

**ماچ**

ماچ ...
کلیلێکی سەوزە
هەموو دەرگا داخراوەکانی لەش ،
دەخاتە سەر گازەرەی پشت !

**_با_**

_با_ م پشکنی ...
لێوان لێو بوو لە
مەمك بەند !!

**ئێوارە**

خۆر پێی ئەستەمە ئاوابێت ..
ئاخر ژنێك
ژنێك خۆی رووت دەکاتەوە !

**پرد**

لە نێوانی دوو جەستەدا ،
ماچ
پردێکە لە پەلکە زێڕینە !

**شەهید**

**کەوتمە کەمینی مەمکەوە ..**

**هەر دە پەنجەم**

**شەهید !!**

**مەمك**

**مەمکت ،**

**دوو کەروێشکی سپی برسین**

**پەنجەکانم ،**

**دە دانە گێزەری رەش !**

**بارەش**

**هەموو پۆلیسەکانی شار**

**بە دووی رەشەبایێ کەوتوون ..**

**دەڵێن گوایە**

**لە نێو راستەشەقامیکدا ،**

**تەنوورەی ژنێکی هەڵداوەتەوە**

**شەڕ**

**لەو دیو پەنجەرەی حەمامی قەسیدەیەکتا**

**خۆم گرت ...**

**شەڕ بوو**

**شەڕی کەف و ئاو !**

**کەف بەرگی دەکردە بەر لەشت و**

**ئاویش لە بەریا دایئەدڕی !**

**هەنار**

**پشیلەیەکی زۆڵ**

**لەبن دار هەنارێك پاڵكەوتووە**

**بە چاوە ڕەپەكانی**

**تەماشای ناو گەڵی دەكات !!**